ئەردۆغان بۆ پزیشکیان: تورکیا ئامادەی نێوەندگیرییە لەنێوان ئێران و ئەمریکا



رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆك کۆماری تورکیا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ مەسعود پزیشکیان، سەرۆك کۆماری ئێران رایگەیاند، تورکیا ئامادەی نێودەنگیرییە لەنێوان ئێران و ئەمریکا.

سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، لە راگەیەندراوێکدا وتی، ئەمڕۆ هەینی، رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆك کۆماری تورکیا و مەسعود پزیشکیان، سەرۆك کۆماری ئێران لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا گفتوگۆیان لەبارەی پەیوەندییە دوقۆیەکان و گرژییە سەربازییەکان لەناوچەکە کردوە.

ئاماژە بەوەشدراوە، لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، هەردولا جەختیان لە گرنگی کەمکردنەوەی گرژییەکان و پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە کردوە.

ئەوەش خراوەتەڕو، لەسەر ئەم بنەمایە، ئەردۆغان لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا

رایگەیاند، تورکیا ئامادەیە لەپێناو کەمکردنەوەی گرژییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان، ڕێی نەوەندگیر لەنێوان ئێران و ئەمریکادا بگرێت.

ئەردۆغان وتوشیەتی، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران کە لە ئێستادا بەسەردانێك لە تورکیایە، کەدەبێتەوە.